# یەکەمین هەنگاوی شۆڕش

## ڕۆزا لوکسمبۆرگ

**وەرگێڕانی: پێگەی سۆشیالیزم**

## The year 1793 - Today and a hundred years ago

1893

## Rosa Luxemburg

ڕۆزا لوکسمبۆرگ ئەم وتارەی لە ساڵی ١٨٩٣دا بۆ یادی سەد ساڵەی ڕووداوەکانی ١٧٩٣ـی پاریس نووسیوە و لە گۆڤاری"دۆزی کرێکاری"دا بڵاوی کردووەتەوە. گۆڤاری "دۆزی کرێکاری" لەو کاتەدا لە پاریس دەردەچوو و بە نهێنی لە وڵاتی پۆڵەندا بڵاو دەکرایەوە. سەرەنجام ئەم نووسینەی ڕۆزا لە ١٥ـی ژانقی ٢٠٠٩دا، لە لایەن مێژوونووسی پۆڵەندی **فلیکس تیش** ـەوە دۆزرایەوە و بڵاوکرایەوە

لە بڵاوکراوەکانی پێگەی سۆشیالیزم

سالّی ۱۷۹۳
نووسینی ڕۆزا لوکسمبۆرگ

سالّی ۱۷۹۳! سەد سالّ بەسەر ئەو سەردەمەدا تێپەڕییوە، کە دوژمنانی خەلکی کارگەر؛ تزارەکان، پاشاکان، خانەدانەکان، میرەکان،خاوەن کارگەکان، و هەموو دەولّەمەندەکانی تر (سەرمایەدارەکان) تاکو ئەمڕۆش ناتوان بیر لەم رۆژە بکەنەوە بەبێ ئەوەی هەست بە ترس و تۆقین نەکەن. گیانیان دەلەرزێ کاتێک ئەم وشە دەبیستن: سالّی ۱۷۹۳
بۆچی؟ چونکە لەو سالاّنەدا، خەلّکی کرێکار لە فەرەنسا و بەتایبەتی لە پاریسی پایتەخت بۆیەکەم جار توانیان تەوقی چەند سەدەیەکی کۆن بشکێنن و بۆ هەمیشە کۆتای بە چەوساندنەوە بێنن، و دەستبکەن بە ژیانێکی نوێ و ئازاد.
بازانین بۆچی کرێکارانی پاریس ئەم ئەرکەیان گرتە ئەستۆ و بۆچی شکستیان هێنا

شۆرشی گەورەی فەرەنسا لە سالّی ۱۷۸۹ دەستی پێکرد.
هەر لە سەرەتاوە خەلّکی پاریس بە قارەمانییەوە جەنگان لەدژی دوژمنانی ئازادی **پاشا**، **خانەدانەکان** و **پیاوانی ئایینی**، کە بە شێوەیەکی خۆسەپێنانە فەرمانڕەوایی فەرەنسایان دەکرد ، هەروەک چۆن تزار و دەربارەکانی ئەمڕۆ لە ولاّتی ئێمەدا دەیکەن.[1]
بەهۆی هەولّی قارەمانانەی خەلّکی پاریسەوە؛ ئەم حکومەتە خۆسەپێنە ڕووخێنرا و حکومەتێکی دەستوری لە شوێنیدا جێگیرکرا.
بەلاّم کێ سوودی لەو ئازادییە وەرگرت کە بەدەست هات ؟ بەتایبەتی ، چینێکی نوێی لە دەولّەمەندی شارنشین،کە بۆرژوازییە.
لەجێگەی سەردەمی دەسەلاّتی کۆنی خانەدان و ئەرستۆکراتە دەولّەمەندەکان، سەردەمی دەسەلاّتی ئەرۆستۆکراتی پارە دەستی پێکرد، کە **سەردەمی دەسەلاّتی بازارە.**

[1] ئەو کاتەی کە رۆزا ئەم دەقەی نووسییوە لە پۆلندای ژێر دەسەلاّتی تزاری ڕووسیادا ژیاوە. دەسەلاّتی تزار هاوشێوەی دەسەلاّتی ئۆتۆکراتی فەرەنسا پێناسە دەکات.

لەو دۆخەدا جوتیارە سەپانەکانیش سوودیان برد لەو ئازادییەی کە لە ڕێگای شۆڕشەوە بەدەست هات: لەسەرەتای شۆڕشەوە کۆیلایەتی زەوی serfdom[2] هەڵوەشێندرایەوە، بەگشتی هەموو پابەندییەکی سەپانەکان بە خاوەن زەوی، و هەموو باج و بەندایەتی هەڵوەشێنرانەوە.

جگە لەوەش، کاتێک ئەنجومەنی نیشتمانی زۆرێک لە زەوی و سامانی لە کەشیش و پیاوانی ئایینی وەرگرتەوە، جوتیارە سەپانە دەوڵەمەندەکان هەلیان بۆ گونجا و توانیان زەوییەکانیان فراوانتر بکەن. [3]

بەڵام پیشەوەرانی شار هیچیان دەستنەکەوت، بەتایبەتی چینی کرێکار کە خاوەنی هیچ نەبوون، **پرۆلیتاریا**؛ هیچ لە نەهامەتییەکانیان کەم نەبوویەوە .

هەموو ئەو قوربانیانەی کە پرۆلیتاریا دای لە خەبات دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی و خانەدانیی، بە فیڕۆ چوو. ئەوان وەک بارگیر مانەوە[4]، ناچاربوون لە گزنگی بەیانەوە هەتا ئێوارە لە ژێر جەوری چەوساندنەوەدا کاربکەن بۆ پارچە نانێکی وشک، و بەردەوام گیرفانی خاوەنکارەکانیان پڕ بکەن. زۆر خراپتر لەوە؛ لەسەردەمی شۆڕشدا خەلک تەنانەت ئەو پارچە نانە وشکەشیان چنگ نەدەکەوت.

وەک باوە لەسەردەمی گرژی وڵاتدا، پیشەسازی و بازرگانی لە فەرەنسا پەکی کەوت، کارگە و شوێنی کار داخران، بەکۆمەڵ کرێکاران فڕێدرانە سەر شەقامەکان، برسێتی ترسناک لە چاوی خەڵکی پاریس دا دەبینرا.

ئەو خەڵکەی فەرەنسا کە هیواکانیان تێکشکا، ئەم پرسیارانەیان دەکرد:

**بۆچی جەنگام؟ بۆچی خوێنی خۆمم ڕشت؟**

**بۆ سنگی خۆمان دایە بەردەم گولەی سەربازەکانی پاشا؟ تەنها بۆ ئەوەی کە ستەمکارێک بگۆڕین بە ستەمکارێکی تر؟**

---

[2] سێرف جیاوازبوو لە کۆیلایەتی. سێرفەکان کرین و فرۆشیان پێنەدەکرا. بەلام پابەندبوونەکی قورسیان هەبوو و بەسترابوونەوە بە زەوییەکانەوە. جگە لە باج و خەراجی زۆر دەبوایە سەرانەیان بایە و هەفتەی چەند ڕۆژێکیش کاری زۆرەملی بکەن بۆ میر و دەسەلاتداران. بۆیان نەبوو هیچ پیشەیەک فێربن یان بەبی ڕەزامەندی خاوەن زەوی کێڵگەکانیان جێبهێلن و ئازادانە کۆچ بکەن.

[3] سالی ١٧٨٩ ئەنجومەنی نیشتمانی دەستیانگرت بەسەر هەموو زەویوزاری کلێسا دا، بەڵام بە جوتیارە دەوڵەمەندەکاکنیان فرۆشتەوە.

[4] مەبەستی ڕۆزا کۆیلایەتی و کەم بایەخ سەیرکردنی پرۆلیتاریایە لەلایەن بۆرژوازیەوە. خێزانە بۆرژوازییەکان چەندان وشەیان وەک تەنز دژ بە پرۆلیتاریا بەکار دەهێنا: ئاژەڵی بارهەڵگر، گەرەکان، چڵکنەکان، نەفرەتلێکراوان... زۆرجاریش سۆشیالیستەکان بە ئاگاییەوە هەمان ئەو وشانەیان بەکاردەهێنایەوە دژی بۆرژوازی. وەک ئەوەی کە ئۆژین پۆتییَ لە یەکەم کۆپلەی سروودی ئینتەرناسیۆنال بەکاریهێناوە – هەستن ئەی نەفرەتلێکراوانی جیهان، هەستن ئەی بەندەکانی برسێتی-

**بۆئەوەی دەسەڵات و شکۆمەندی خانەدانەکان بسێنم و و بیدەمە دەستی بۆرژوازی؟**

ئینجا خەڵکی پاریس دەستیان کرد بە خەباتێکی نوێ. ئەمەش شۆڕشی دووەم بوو **شۆڕشی جەماوەری**١٠ـی ئۆگوستی ١٧٩٢ لەو ڕۆژەدا خەڵک هێرشیان کردە سەر کۆشکی پاشایەتی و شارەوانی.[5] بۆرژوازی لەو کاتەدا لەگەڵ پاشادا بوو کە بە دەسەڵاتێکی لاوازەوە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکرد دژی خەڵک. ئەمە نەبووە ڕێگری لەوەی خەڵک تەختی پاشایەتی بڕوخێنن. بۆرژوازی بەتوندی پارێزگاریی لە شارەوانی و ئیدارەی شار دەکرد، و دەیویست بە پۆلیس و گاردی نیشتمانی زاڵ بێت بەسەر خەڵکدا . ئەمەش هەر نەبووە ڕێگر لە هێرشی خەڵک بۆ سەر شارەوانی و بۆرژوازی لێ ڕامالن، بەدەستە **زبر و قلیشاوەکانیانەوە** ئیدارەی شاری پاریس ـیان گرتە دەست. لەو سەردەمەدا ئیدارەی کۆمۆنی پاریس بەتەواوی سەربەخۆ بوو لە ئیدارەی دەوڵەت. ئەنجوومەنی شارەوانی بە پشتیوانی جەماوەری شۆڕشگێڕی سەرکەوتوو، **کۆنڤانسیۆن** (ئەنجوومەنی نیشتمانی نوی) ـی ناچار کرد کە لە سێپتەمبەری ١٧٩٢ کۆببنەوە و دەستبەجێ کۆمار ڕاگەیەنن. کۆمار ناچار کرا سازشی زۆر گرنگ لە بەرژەوەندیی کرێکاران بکات.

بەبێ هێزی هەڕەشەئامێزی ئەم خەڵکە، ڕەنگە کۆنڤانسیۆن زۆر کەمتری لە ئەنجومەنەکانی پێشووی بۆ جەماوەری خەڵک بکردایە. هەرە زۆرینەی ئەندامانی کۆنڤانسیۆن دژی ئەو گۆڕانکاریانە بوون کە شۆڕشی ١٠ ـی ئۆگەست سەپاندبووی. بەشێک لە کۆنڤانسیۆن لە **پارتی ژیرۆند** بوون کە بە ئاشکرا هەوڵیان دەدا دژی سەرووەریی کۆمۆنی شۆڕشگێری پاریس. ژیرۆندەکان نوێنەرانی بۆرژوازی مامناوەندی کۆماری و لایەنگری سەرسەختی کۆمار و دژی بە هەر چاکسازییەکی ئابووریی فراوان بوون کە لە بەرژەوەندی خەلکی کارگەردا بووایە. تەنها کەمینەی ناو کۆنڤانسیۆن **گرووپی چیا**[6] بوون کە بە دڵسۆزیەوە بەرگریان لە دۆزی خەڵکی کارگەر دەکرد. بەڵام تا ئەوکاتەی ژیرۆندەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا بوون، ئەندامانی گرووپی چیا زۆبەری کات هیچیان پێ نەدەکرا، چونکە ژیرۆندەکان جگە لە خۆیان زۆرینەیەکی تریان لەگەڵدا بوو.

ئەو زۆرییینە ترسنۆکە **کە بەسووکایەتییەوە پێیان دەوترا دەشتایی و زۆنگاو،** لە خەڵک دەترسان، بەڵام نەیان دەویست گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە بەرژەوەندی خەڵکدا بکرێت.بۆیە هەمیشە خۆیان **لە پشتی ژیرۆندەکانەوە دەشاردەوە،** لەگەڵ ئەواندا دژی پارتی چیا دەنگیان دەدا. ئەوکات خەڵکی فەرەنسا تێگەشتن کە هەر وەک پێشتر پاشا و ئەرستۆکراتەکان و دواتریش بۆرژوازیی گەورەی پاشایەتیخوا، ئێستاش ژیرۆندەکانی نوێنەرانی

---

[5] ١٠ـی ئۆگۆست ڕووداوێکی مێژوویی بوو، کاتێک کە کۆشکی تویلری کەوتە دەست خەلک و لویسی شانزەیەمیان دەسگیر کرد. دواتر بە بریاری دادگای شۆرش لە لایەن ژاکۆبینییەکانەوە لە ٢١ـی ژانیوەری ١٧٩٣ سەری پەڕێندرا.

[6] بۆیە بە چیا ناونرابوون، چونکە ئەندامەکانیان لە بەرزترین شوێن و لای چەپی کورسییەکانی ناو هۆڵی ئەنجومەنەکەدا دادەنیشتن. [تێبینی رۆزا لوکسمبۆرگ]

بۆرژوازیی مامناوەندی کۆماری، ڕێگرن لە بەردەم خواستەکانیاندا.  ئەوم دوا ڕێگرە بە ڕاپەڕینی جەماوەریی٣١ـی مەی و ٢ـی ژونی ١٧٩٣ لادرا. جەماوەری چەکدار، بە ڕابەرایەتی کۆمۆن، زۆرینەی کۆنڤانسیۆنی ناچار کرد کە هەموو سەرکردەکانی گروپی ژیرۆند دەربکەن و دەستگیریان بکەن. دواتر خەڵکی پاریس خۆیان کۆنترۆڵی تەواوی ئەنجومەنی نیشتمانیان کرد، ئینجا بەمەش بەسەر هەموو فەرەنسا.  دواتر زۆرینەی ئەنجومەنی نیشتمانی لە ترسی ئەوەی هەمان چارەنووسی ژیرۆندەکانیان نەبێت، بە گوێڕایەڵییەوە شوێن پارتی خەڵک یانی  پارتی چیا کەوتن.

بابزانین خەڵکی کارگەر لەماوەی کورتخایەنی دەسەڵاتی خۆیدا چی بەدەستهێنا.

سەرکردەکانی خەڵک، وەک ئەندامی ئیدارەی شار و چیاییەکان، بە پەرۆشەوە خوازیاریی ڕزگاریی ئابووریی تەواوی خەڵک بوون. ئەوان بە دڵسۆزییەوە ئاواتەخوازبوون  بۆ بەدیهێنان و چەسپاندنی یەکسانیی بۆ هەمووان لەبەردەم یاسادا. هەروەها یەکسانی ئابووریی ڕاستەقینەش. هەموو وتار و کردارەکانیان لەسەر یەک بیرۆکە دامەزرابوو:  لەناو کۆماری خەڵکدا نابێت نە دەوڵەمەند هەبێت و نە هەژار. کۆماری خەڵک واتە ئەو دەوڵەتە ئازادەی لەسەر سەروەریی خەڵک بنیات نراوە، دەولەت ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە، ئەگەر خەڵک لە ڕووی سیاسییەوە سەروەر، و لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستە و ژێردەستەی دەوڵەمەندەکان بێت.
بەڵام  چۆن یەکسانی ئابووری بۆ هەمووان بەدی بهێنرێت؟ لە سەردەمی ئێمەدا، پارتە کرێکارییە سۆشیال دیموکراتەکانی هەموو وڵاتان وەک ئامانجی کۆتایی خەباتیان، یەکسانیی ئابووریی بۆ هەمووانیان لە سەر درووشمەکانیان نووسیوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە  داوای هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی هەموو ئامرازەکانی کار دەکەن؛ هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی زەوی، کارگەکان، و شوێنە پیشەییەکان و هتد، دەبێت بگوازرێتەوە بۆ دەستی تەواوی خەڵکی کارگەر خۆی.
**پارتی چیا** هەوڵیدا ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی زۆر جیاواز چارەسەر بکات.

زۆر کەم لەنێو ئەواندا و هەروەها لە نێو ئەندامانی کۆمۆندا، هاوڕای سۆشیال دیموکراسی ئەمڕۆ بوون. تەنها چەند دەنگێکی تاک و تەریک هەبوون، کە ئەوانیش **لە نێو ئاپۆڕەی ئەوانی تردا ون بوون.** تەنانەت  گوێگری وایان لەنێو پێشکەوتووترین بەشی خەڵکی پاریس دەست نەکوت: پرۆلیتاریا.  بەپێچەوانەوە نە پرۆلیتاریا و نە چیا بیریان لە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نەدەکردەوە. ئەوان دەیانویست یەکسانیی ئابووری بۆ هەمووان بەدیبهێنن بە پێدانی پارچە موڵکێکی تایبەت بە هەموو ئەو

هاوڵاتیانەی فەرەنسیانەی کە هیچیان نەبوو. بەکورتی نە پرۆلیتاریای پاریس ئەو کاتە و نە گروپی چیا سۆشیاڵیست نەبوون. ئەوان ئەوکات ئەوەیان نەدەزانی کە هەر کرێکارێکی هۆشیار ئەمڕۆ دەیزانێت، ئەویش ئەوەیە کە خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەناچاری دەبێتە هۆی نایەکسانیی ئابووری، دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ دوو چین: سەرمایەدارە دەوڵەمەندەکان و پرۆلیتارە هەژارەکان.

بەڵام بۆچی پرۆلیتاریای فەرەنسیی ئەو سەردەمە گوێی لە بانگەوازی ئەو چەند سۆشیالیستە نەگرت کە هەر لەوکاتەدا دەنگیان هەڵبڕیبوو؟ تەنها دەربرینی بیرۆکەیەک بەس نییە؛ سەلماندنی ڕاستییەکەشی بەس نییە، تەنانەت ئەگەر بەوپەڕی پەرۆشی و پێداگریشەوە بێت. ئەگەر ئەم بیرۆکەیە دەربڕی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە یان چینێکی بەهێز نەبێت، بە واتایەکی تر، ئەگەر بەدیهێنانی مەحاڵ بێت، ئەوا هیچ دەرچەیەکی بۆ نادۆزرێتەوە و جەماوەری خەڵکیش لە ئاستیدا کوێر دەمێننەوە. ئەمە دۆخی ئەو ژمارە کەمەی سۆشیالیستەکانی سەردەمی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا بوو. لەو سەردەمەدا، جێبەجێکردنی سۆشیالیزم مەحاڵ بوو، واتە خاوەندارێتیی بەکۆمەڵی هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

ئامرازەکانی بەرهەمهێنان تەنها کاتێک دەتوانن ببنە موڵکی گشتی کە کاری پێکردنیان بتوانێت و پێویست بێت بە شێوەی بەکۆمەڵ لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە ئەنجام بدرێت. ئامێرەکانی ئێمە ڕێک ئەو جۆرە ئامرازانەی بەرهەمهێنانن، و ئەمانەش ئەو هەلومەرجانەن کە کاری مرۆڤ ئەمڕۆ تێیدایە.

تا ئەو کاتەی بەرهەمهێنان بە ئامێری پێشکەوتوو زاڵ نییە، تا ئەو کاتەی کاری دەستی لە شوێنە پیشەییە بچووکەکان و بە ئامرازی بچووک لە کۆمەڵگەدا باڵادەستە، - تا ئەو کاتە بەکۆمەڵکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ئەستەمە. تا ئەو کاتەی زۆرینەی کرێکاران خاوەنی شوێنی کاری خۆیان یان زەوی خۆیانن و پیشەوەری سەربەخۆ یان خاوەن موڵکن، — تا ئەو کاتە لانیکەم لە بەرژەوەندییاندا نییە کە ئەم ئامرازانە، ئەم شوێنە پیشەییانە، ئەم زەویانە، و هتد بکەنە موڵکی گشتی.

ئەمڕۆ، کە پیشەسازیی ئامێری گەورە باڵادەستە، شتەکان زۆر جیاوازن.

ئەمڕۆ، دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگەدا ئەوەندە گەورەیە کە تەواوی کۆمەڵگە بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنان و گەیاندنی هەر کاڵایەک بە بەکاربەر.

دانیشتووانی دوورترین گۆشەکانی جیهان بەرهەمی کاری خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکەن و ناتوانن بەبێ یەکتر بژین.

کەواتە، چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە توندی یەکتر دەبەستێتەوە لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانێکی گەورەدا، ئەوا دەکرێت ئامرازەکانی بەرهەمهێنان – ئامرازەکان و زەوی، هەروەها بەرهەمی کار – ببنە خاوەندارێتیی هاوبەش.

تەنها ئەمڕۆیە کە پیشەسازیی گەورە، بە چڕبوونەوەی سەرمایە و بەرهەمهێنانی هەموو کاڵاکان بە نرخێکی زۆر هەرزانتر لە کاری دەستی، پیشەگەری زیاتر و زیاتر وێران دەکات، کرێکاران زیاتر و زیاتر لە ئامرازەکانی کاریان دوور دەخاتەوە و ناچاریان دەکات، وەک پرۆلیتار، هێزی کاریان بفرۆشن بە خاوەن کارگەکانی سەرمایەی گەورە و ئامرازەکانیان.

بە هەمان شێوە، کێبڕکێ لەگەڵ خاوەن زەوییە گەورەکان، باجەکان، و دابەشبوونی خێزانی، جووتیاران زیاتر و زیاتر ناچار دەکەن زەوییەکانیان بەجێ بهێڵن. کەواتە تەنها ئەمڕۆیە کە چینێکی گەورە و هەمیشە لە زیادبوونی پرۆلیتارمان هەیە کە هیچیان نییە. و تەنها ئەمڕۆیە کە ئەم پرۆلیتارییایە زیاتر و زیاتر گرنگی بەو هۆشیارییە دەدات کە سۆشیالیزم تاکە ڕێگای دەرچوونە لە هەموو کێشەکانی سیستەمی ئێستا.

سەد ساڵ لەمەوبەر دۆخەکە تەواو جیاواز بوو، فەرەنسا وەک هەروەک وڵاتانی تر، پرۆلیتاریا بە زەحمەت بەشێکی بچووکی پێکدەهێنا لە جەماوەری خەڵکی کارگەر. جووتیار بوو کە گەورەترین بەشی خەڵکی فەرەنسایان پێکدەهێنا، ئەوانیش ڕازی بوون بەوەی لە کاتی شۆڕشدا بەدەستیان هێنابوو. لە ڕاستیدا، وەک ئاماژەمان پێدا، تەنها جووتیارە دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی زەوی بکڕن. لەگەڵ ئەوەشدا هەژارترین بەشی جووتیارانی فەرەنسا خوازیاری خاوەندارێتیی بەکۆمەڵی سۆشیالیستی نەبوون، بەڵکو خوازیاری زیادکردنی بەشی خۆیان بوون لە خاوەندارێتیدا.

گروپی چیا ڕێک بەتەمابوون هەموو ئەو زەوییانەی کە هێشتا نەفرۆشرابوون لەدەستی خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی دەربهێنن و بیدەن بە جووتیارەکان. دووریی نێوان گروپی چیا و سۆشیالیزم لەوەوە دەردەکەوێت کە؛ بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەندامانی تری کۆنڤانسیۆن، ئەوەی لە موڵکە گشتییە کۆنەکان مابووەوە (لەوەڕگە، کێڵگە، زەوی بەیار)، بەسەر چەند جووتیارێکدا دابەشی بکەن[7].

[7] ئەو کاتەی گروپی چیا سیاسەتی پارچە پارچەکردنی زەوییە گشتییەکان ئەنجام دەدەن، ڕۆزا لۆکسمبۆرگ ئەو خاڵە بە جیاوازی ئەوان دەزانێت لەگەل سۆشیاڵیزم و سیاسەتی گشتیکردنەوەی کردنەوەی موڵکەکان.

جگە لەوەش، زۆرینەی دانیشتووانی شارەکان بە پاریسیشەوە، لە پیشەوەران، بازرگانان و ئەوانی تر پێکدەهاتن، بە کورتی، لە خاوەن موڵکە تایبەتە بچووکەکان پێکهاتبوون واتە وردەبۆرژوازی. پرۆلیتاریا کە بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزم خەبات بکات، هێشتا وەک چینێکی جیاواز پێک گەشەی نەکردبوو.

تاکی پرۆلیتاری ئەو سەردەمە خۆیان وەک قوربانیی تایبەتی چارەنووس، و وەک قوربانیی ڕێکەوتی شکستەکان دەبینی؛ و لە خەوی ئەودا بوون کە چارەنووسیان لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری دا شتێکی تەواو سروشتییە، وە لە ماوەی سەدەیەکدا دەبێتە چارەنووسی ملیۆنان کەسی هەمان چین.

لەو سەردەمەدا، ئەم پرۆلیتارە تاکانە تێکەڵ ببون لەنێو جەماوەری وردە بۆرژوازیدا، ئایدیاڵیان خاوەندارێتی و ژیانی وردە بۆرژوازی بوو؛ شوێن ئاپۆڕا کەوتبوون و دروشم و خواستەکانی ئەوانیان هەڵگرتبوو. ئەوان نوێنەرکانی وردە بۆرژوازی و جووتیارەکانی پارتی چیایان بە هی خۆیان دەزانی، و تەنانەت تۆزقاڵێکیش کاری تێ نەکردن کاتێک **ڕۆبسپێر** کە سەرۆکی گروپی چیا بوو، نوێنەرە ڕاستەقینەکانی پرۆلیتاریا واتە سۆشیاڵیستەکانی (وەک **ژاک ڕو**، **شۆمێت** و ئەوانی تر لە ئازاری ١٧٩٤) ناردە بەر گیۆتین[8].

لەگەڵ هەموو ئەمانە، ڕوونە کە گروپی چیا سەرەڕای هەموو نیازپاکی خۆیان، لە توانایاندا نەبوو ئاواتە گەورەکەیان بەدی بهێنن کە: یەکسانیی ئابووریی بوو بۆ هەمووان. ئەم خواستە لەو سەردەمەدا جێبەجێ نەدەکرا. جگە لەوەش ئەو ڕێگانەی بەکارهێنران تەنها کاریگەرییان ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەکی کورت گەشەی پێکهاتەی سەرمایەدارییان دوابخەن؛ واتە گەورەترین نایەکسانیی ئابووری [ـی دوابخەن].

تا ئەو کاتەی گروپی چیا دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو، ناچار بوون چارەسەرەکانی خۆیان لە ڕێکارە ئابوورییە زۆرەملێکاندا بدۆزنەوە، بەتایبەتی بۆ ئەوەی نەهێڵن خەڵکی پاریس لە برساندا بمرن. ئەم ڕێکارانە بریتی بوون لەمانە: دانانی نرخێکی دیاریکراو بۆ نان و خواردەمەنی، قەرزی زۆرەملێ لە دەوڵەمەندەکان و بەتایبەتی لەناو پاریسدا، کڕینی نان لەلایەن کۆمۆنەوە بۆ ئەوەی بە کەمترین نرخی گونجاو دابەشی بکات بەسەر خەڵکدا. بەڵام هەموو ئەمانە تەنها چەند شتێکی تەواو ڕووکەش بوون لە ژیانی ئابووریی فەرەنسادا. هەموو ئەمانە تەنها دەیانتوانی ببنە هۆی هەژارکردنی دەوڵەمەندەکان و یارمەتییەکی کاتی بکەن بە خەڵکی برسی – هیچی تر. تەنانەت ئەگەر نیازەکانی پارتی چیا بۆ پێدانی زەوی بە هەموو ئەوانەی دەیانویست کشتوکاڵ بکەن، بهاتایەتە دیش، هێشتا یەکسانیی ئابووری بۆ ماوەیەکی درێژ بەدەست نەدەهات. لە کۆتایی سەدەی

[8] Guillotine گیۆتین: تیخی ملپەڕاندن.

ڕابردوودا، سیستەمی سەرمایەداری فەرەنسا هەمان پێگەی وڵاتانی تری ئەوروپای ڕۆژئاوای هەبوو. بۆیە دەبوو بەناچاری هەوڵی خلۆرکردنەوەی خاوەن موڵکە بچووکەکان بدات بەرەو پرۆلیتار، و کۆکردنەوەی تەواوی سامان – بە خاوەندارێتیی زەویشەوە – لە دەستی کەمینەیەکی دەولەمەندا.

جگە لەوەش، پارتی چیا پێش ئەوەی بتوانێت دەست بەو چاکسازییە ئابوورییە بنەڕەتییانە بکات کە، بە بڕوای خۆی بڕیار بوو نایەکسانیی ئابووری نەهێڵن، لەناوچوو.

ڕاپەڕینە توندەکەی خەڵکی پاریس گرووپی چیایان گەیاندە لوتکەی دەسەڵاتی دەوڵەت، بەڵام نەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی لەوێ ڕابگرێت. بنەمای دەسەڵاتی ئەو هێزی لاوازی خەڵکی پاریس بوو، هەموو چاکسازییە سیاسی و ئابوورییەکانی لە ناکۆکییەکی قووڵدا بوون لەگەڵ پێداویستییەکانی فەرەنسای ئەو سەردەمە و بەتایبەتی لەگەڵ پێداویستییەکانی بۆرژوازی کە لە سەرەتای دەسەلاتی خۆیدا بوو. دەسەڵاتدارییە کورتخایەنەکەی پارتی چیا خۆی دیکتاتۆریەتێک (دەسەڵاتی ڕەها)ـی خەڵکی پاریس بوو بەسەر هەموو فەرەنسادا.

وە ئەم دیکتاتۆریەتە، بەهۆی لاوازیی بنەما و نوێنەرەکانی و بەهێزبوونی هێزە کۆمەڵایەتییە دوژمنکارەکانەوە، دەبوو ئەوەندەش توندوتیژتر و خوێناویتر بێت. لە کۆتاییدا دەسەڵاتی گرووپی چیا تەنانەت خەڵکی پاریسیشی ماندوو کرد.

پرۆلیتاریا، کە پتەوترین بنکەی ئەوان بوو، زیاتر و زیاتر [ پرۆلیتاریا] هیوای بەوان لەدەست دەدا. لە ئازاری ١٧٩٤دا، بە بێباکییەوە سەیری چارەنووسی ڕەشی سۆشیاڵیستەکانی کۆمۆنی دەکرد، و لە تەمموزی هەمان ساڵ هیچی نەکرد بۆ ڕزگارکردنی دوا ئەندامانی کۆمۆن، هەروەها بۆ سەرکردە سەرەکییەکانی گرووپی چیا لە گیۆتین، کە : **ڕۆبسپێر، سانت-جۆست، کوتۆن** و ئەوانی تر بوون. سەردەمی هۆشیاریی سیاسیی پرۆلیتاریا هێشتا نەهاتبوو.

دوای ڕووخانی کۆمۆن و گرووپی چیا، پرۆلیتاریای پاریس کە برسییەتی تەنگی پێ هەڵچنیبوو، چەند جارێکی تر دژی کۆنڤانسیۆن ڕاپەڕی و هاواری دەکرد: «نان و دەستووری ١٧٩٣.» بەڵام، ئەمانە چیتر تەنها پریشکی لاوازی بڵێسەیەکی شۆڕشگێڕانە بوون و دامرکایەوە. پرۆلیتاریا تەواو بێهێز ببوو؛ پیلانگێڕیەکەی کە لە ساڵی ١٧٩٦ لەلایەن **بابۆف** ـی سۆشیاڵیستەوە دژی حکومەتی ئەو کاتە ڕێکخرا، بە مەبەستی دامەزراندنی دەستوورێکی سۆشیاڵیستی، ئەویش بە هەمان شێوە بێ ئەنجام بوو. بابۆف باش تێگەیشتبوو کە یەکسانیی

ئابووری لەگەڵ خاوەندارێتیی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا ناگونجێت، کە ئەو دەیویست بە کۆمەڵایەتییان بکات. بەڵام هەڵە بوو کاتێک وای دادەنا دەتوانێت لە فەرەنسای ئەو کاتەدا بە یارمەتیی مشتێک پیلانگێر جێبەجێی بکات. بابۆف و هاوڕێکانی تەنانەت کەمتر لە گروپی چیاش توانیان سەرکەوتووبن. پڕۆژە سۆشیالیستییەکانی بەخونچەیی وشک بوو.

هەوڵەکەی بابۆف تەنها توانی بۆ ساتێکی کەم ئارامیی بۆرژوازیی تێری فەرەنسا تێک بدات، کە هەر خەریکی دەوڵەمەندبوون بوون. ئەوان [بۆرژوازی] پێشتر «ترسەکانی ساڵی ١٧٩٣»ـی لەبیر کردبوو. هەر بۆرژوازی بوو، نەک پرۆلیتاریا، کە هەموو بەرهەمەکانی شۆڕشی فەرەنسای چنینەوە. ئەو توندوتیژییە بەرفراوانەی کە گروپی چیا دژی خانەدانەکان و موڵکەکانیان بەکاری هێنا، خزمەتی بە پرۆلیتاریا نەکرد بەڵکو خزمەتی بە بۆرژوازی کرد. زۆربەی موڵکە دەستبەسەرداگیراوەکانی پیاوانی ئایینی – «موڵکە نیشتمانییەکان» – کڕران و کەوتنە دەستی بۆرژوازیی دەوڵەمەند. هەژارکردنی پیاوانی ئایینی و خانەدانەکان تەنها هێزی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی بۆرژوازیی فەرەنسای بەهێزتر کرد.

ئەمانەی باسکرا کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەوخۆکانی شۆڕشی فەرەنسا بوون. ئێستا دوای سەدەیەک بە ڕوونی دەرئەنجامە دوورخایەنەکانی شۆڕشی گەورە دەبینین. ڕاستە بۆرژوازیی لەسەر تەخت دانا، بەڵام دەسەڵاتداریی بۆرژوازی لە گەشەی پرۆلیتاریا جیاناکرێتەوە.
وە ئێستا بەتایبەتی، بە چاوی خۆمان دەبینین چۆن بۆرژوازی ئەو سەرکەوتنەی بەسەر خانەدانەکاندا بەدەستی هێنا، خۆی دەبات بەرەو لەناوچوونی.
کاروانی پرۆلیتاریا، هاورێ مێژووییەکەی، میراتگر و گۆڕهەڵکەنی، بە هەنگاوی خێرا نزیک [بۆ ناشتنی]ئەو نزیک دەبێتەوە دەبێتەوە، و دەنگی بەرز و ڕوونە
هەوڵە زۆر پێشوەختەکەی پرۆلیتاریای فەرەنسا بۆ ناشتنی بۆرژوازیی تازەگەشتوو هەر بە زەڕنەقوتەیی لە ساڵی ١٧٩٣دا، چارەنووسێکی کوشندەی هەبوو. بەڵام دوای سەد ساڵ لە دەسەڵاتداریی بۆرژوازی لەژێر زەبری کاتدا لاواز دەبێت. ناشتنی ئەم گوناهبارە پیرە، ئەمڕۆ کارێکی زۆر ئاسانە بۆ پرۆلیتاریای پڕ لە وزە.
لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، پرۆلیتاریا – کەم ژمارە و بەبێ هیچ شێوەیەک لە هۆشیاریی چینایەتی – ون بوو و لەنێو ئاپۆڕای وردە-بۆرژوازیدا. لە کۆتایی سەدەی ئێمەدا پرۆلیتاریا پێشەنگی تەواوی خەڵکی کارگەری گرنگترین وڵاتەکانە، توانیویەتی جەماوەری وردە-بۆرژوازیی شارەکان و، لەم دواییانەشدا جووتیاران بۆ لای دۆزی خۆی ڕادەکێشێت.

لەسەردەمی شۆڕشی گەورەی فەرەنسادا، گرنگترین کەسایەتییەکان لەگەڵ بۆرژوازیدا بوون. لەم ڕۆژگارەدا، بەتواناترین کەسایەتییەکان کە دەرهاوێشتەی بۆرژوازی (لە «چینی ڕۆشنبیر») چوونەتە پاڵ پرۆلیتاریاوە.

لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، سەرکەوتنی بۆرژوازی بەسەر خانەدانەکاندا پێویستییەکی مێژوویی بوو. ئەمڕۆ، سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بەسەر بۆرژوازیدا بە هەمان شێوە پێویستییەکی مێژووییە.

بەڵام سەرکەوتنی پرۆلیتاریا واتە سەرکەوتنی سۆشیاڵیزم، سەرکەوتنی یەکسانی و ئازادییە بۆ هەمووان. ئەم یەکسانییە ئابوورییە، کە سەدەیەک لەمەوبەر خەونی گەورەی چەند ئایدیالیستێک بوو، ئەمڕۆ لە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی سۆشیاڵیستیدا بەرجەستە دەبێت.

درووشمی «ئازادی، یەکسانی، برایەتی» لەسەردەمی شۆڕشی گەورەی فەرەنسادا تەنها درووشمێکی نمایشکارانە بوو لە دەمی بۆرژوازیدا، و ئاخێکی لاواز بوو لە گەروی خەڵکدا – ئەم درووشمە ئەمڕۆ هاواری جەنگی هەڕەشەئامێزی سوپایەکی چەند ملیۆنی کرێکارە.

لەساڵی ١٧٩٣ خەڵکی خوارەوە لە پاریس بۆ ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام بێتوانا بوون لەوەی کە بتوانن ئەم دەسەڵاتە بەکاربهێنن بۆ ئازادی چینایەتی خۆیان. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، چینی پرۆلیتاریا لەهەموو وڵاتانی جیهان دەستی کردووە بە شەڕێکی پایەدار و بێ ماندووبوون، کە لەهەمان کاتیشدا شەڕێکی ئابووری و سیاسییە.

ئەو ڕۆژەی پرۆلیتاریا دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتە دەست ، دەبێتە ڕۆژی ئازاد بوونی ئابووری و کۆتایی ڕژێمی چینایەتی.

ڕۆژێک دێت کە شێوە وەردەگرێت و دەبێتە ڕاستی.

لە ساڵی ١٧٩٣دا، خەڵکی پاریس توانییان بۆ ماوەیەکی کورت دەسەڵات بگرنە دەست؛ بەڵام لە توانایاندا نەبوو ئەو دەسەڵاتە بۆ ڕزگارکردنی ئابووریی خۆیان بەکاربهێنن. لەم ڕۆژگارەدا، پرۆلیتاریای هەموو جیهان بە پێداگری و ماندوونەناسانە خەباتێکی سیاسی و ئابووری لە هەمان کاتدا دەکەن.

ئەو ڕۆژەی پرۆلیتاریا دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتە دەست ، دەبێتە ڕۆژی ئازاد بوونی ئابووری و کۆتایی ڕژێمی چینایەتی.

(کەی) ناوی نهێنی

ڕۆزا لوکسمبۆرگ